# گەڕانەوە بۆ کوردستان

# گەڕانەوەیە بۆ تاراوگەیەکی دیکە

**ئەمجەد شاکەلی**

لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵ و قسەوباسدا هەم لە کوردستان، کاتێک مرۆڤ بە سەردان دەڕواتەوە و هەم لێرەش لە هەندەران، لە نێو خەڵکانی ئاوارە و هەندەرانشینیدا، فرەجاران باسی گەڕانەوەی کوردی هەندەران بۆ کوردستان دەکرێت و دێتە گۆڕێ و زۆرێک لەوانەی ئەو قسانە دەکەن و ئەو پرسیارە دەورووژێنن، خۆزگەی گەڕانەوەی یەکجارەکی کوردانی هەندەران بۆ کوردستان دەخوازن. ئەو باسە هەریەکەو لە چمکێکەوە لێی دەنوارێت و لێکیدەداتەوە. ئەوەی لە واقیعدا دەیبینین، خەڵکێکی یەکجار کەمی کورد، کە ڕەنگە وەک ڕێژە هەر زۆر کەم بن و لەبەرچاو نەبن، ئەورووپایان بەجێهێشتووە و گەڕاونەوە کوردستان. ئەوانەیشی گوایە "بەیەکجاری" گەڕاونەوە، هەرگیز بەیەکجاریی نەگەڕاونەوە، بەڵکە پێیەکیان لە ئەورووپایە و ئەوی دیکەیان لە کوردستانە. هیچیان بە تەواوی و سەدلەسەد خۆیان لە ئەورووپا و وڵاتی تاراوگەیان دانەبڕیوە و پێوەندێکیان پێیەوە هەر هێشتووەتەوە.

ئەوەی لە وڵاتی خۆی و زێدی خۆی هەڵدەکەندرێت، ئیدی هاسان نییە جارێکی دیکە و لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا جێگیر ببێت. وەها مرۆڤێک هەمیشە ڕاڕا و دوودڵ و ناجێگیر و ناسەقامگیرە و هیچ کوێیەک نابێتە وڵاتی و هەموو شوێنێکیش دەبێتە وڵاتی و هیچ کوێیەک بە وڵاتی خۆی نازانێت و هەموو شوێنێکیش بە وڵاتی خۆی دەزانێت. تاراوگە وڵاتی وەها کەسێکە، چونکە ئەو بە گیان تاراوە و کەوتووەتە تاراوگە، ڕەنگە بە لەش و وەک ماددە لە شوێنێکدا خۆی ببینێتەوە، لێ بە گیان لە هیچ جێیەک خۆی نابینێتەوە و هەردەم وەدووی خۆیدا دەگەڕێت. هەمیشە ئەگەر کۆڵەپشتەکەیشی بە کۆڵەوە نەبێت و بە کردەوە لەم وڵاتەوە یا لەم خاکەوە نەگوێزێتەوە بۆ ئەو وڵات و خاکی دیکە، ئەوا لە ناوەوەی خۆیدا کۆچەرییە و هەردەم ڕەوتەنییە و جێ بە خۆی ناگرێت.

کورد لەچاو خەڵکی هەندێک نەتەوە و وڵاتی دیکەی ئەم جیهانەدا، لە هەڵاتن و وڵاتبەجێهێشتن و ئاوارەبووندا نوێیە. خەڵکانی وڵاتانی کۆنەکۆلۆنی و داگیرکراوی ئەورووپا، وەک هیندوستان، پاکستان، ڤیێتنام، ئەلجەزائیر، وڵاتانی ئەفریقا، یا خەڵکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی کۆنەسۆسیالیست و بلۆکی ڕۆژهەڵات و خەڵکانی چین و...گەلێک

پێش کورد ڕوویان لە ئەورووپا و ئەمەریکا کردووە و تێیاندا جێگیر بوون. تەواوی ئەو خەڵکانە بە هۆی سیاسەت و خراپیی باری سیاسیی وڵاتەکانیانەوە پەراگەندی هەندەران نەبوون، بەڵکە بەشێکی لەبەرچاویان ڕەوشی ئابووری و دۆزینەوەی جێژیانێکی نوێ هاندەریان بوون، بۆ دەرچوون لە وڵاتانی خۆیان. هەر خەڵکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و چوارەم نین، ڕوویان لە ئەورووپا و ئەمەریکا و ئەوسترالیا کردووە، بەڵکە تەنانەت لە نێو ئەورووپایشدا ئەو جۆرە کۆچکردنانە ڕوویداوە و ڕوودەدات. لە نێوان ساڵانی 1845-1930دا، نێزیکەی 1200000 کەس سوێدیان جێهێشتووە و کۆچیان کردووە بۆ دەرێی سوێد. لەو خەڵکە کۆچکردووانە نێزیکەی 200000یکیان گەڕاونەتەوە بۆ سوێد و ئەوانی دیکەیان لە هەندەران ماونەوە و نیشتەجێ بوون. زۆرینەی ئەو سوێدییە کۆچکردووانە ڕوویان کردووەتە ئەمەریکا و هەندێکیشیان چوونەتە کەنەدا. نێزیکەی 25000 کەسیش چوونەتە ئەوسترالیا و 5000 کەسێکیش چوونەتە نیوزیلاند. سوێدییەکان بە هۆی نالەباریی باری ئابووری و ژیانەوە ئەو کۆچەیان کردووە و وەدووی ژیانێکی خاستردا ڕوویان لەو وڵاتانە کردووە. ئەرمەنییەکان و جوولەکە گەلانێکن، بەهۆی کوشتن و قڕکردن و ڕاوەدوونانەوە، کە هەموو دەکەونە خانەی سیاسەتەوە، هەڵاتوون و زێدی خۆیان جێهێشتووە.

ئەوانەی بە هۆی ڕەوشی سیاسیی وڵاتانی خۆیانەوە هەڵاتوون کەم نین و گەلێکن و بەشێکی زۆری کوردیش دەکەوێتە ئەو خانەیەوە. خەڵکانێک، کە لەبەر سیاسەت و ڕاوەدوونان وڵاتی خۆیان جێدەهێڵن، فرەجاران دوای گۆڕانێکی، دیارە لە ڕووی ڕێژەییەوە، برێک ئەرێنی و هاتنە ئاراوەی ڕێژیمێکی برێک نەرم، کراوە، ڕێزگری مافی مرۆڤ، دیموکراتی یا تەنانەت دیموکراتییەکی شلەپەتەیش...هەوڵدەدەن بگەڕێنەوە وڵاتانی خۆیان، لێ ئەوەش کارێکی هێندە سانا نییە و هەروا بە سووکوئاسان نایەتە دی. ئەوەی دەگاتە تاراوگە ئیدی بە جۆرێک لە جۆرەکان، ژیانی خۆی دابین دەکات و تا ڕادەیەک تێکەڵ بە بار و ژیانی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژی دەبێت. کورد لە مێژە گوتوویەتی"بزن بۆ شەوێک جێی خۆی خۆش دەکات" و سوێدییەکانیش دەڵێن:"Gräv där du står" واتە: لەکوێ ڕاوەستایت لەوێ چاڵ هەڵکەنە، کە مەبەستیان ئەوەیە: لەکوێ دەژیت، لەوێ جێی خۆت بکەوە و خۆت ڕابێنە.

بۆ کەسێکی ئاوارەبووی وڵاتێکی نوێ، فێربوونی زمان و کار و ماڵ و هاتوچۆ و خۆراک و پێوەندەکانی مرۆڤ و خوێندنی منداڵ و دەیان وردە شتی دیکە بەو وڵاتەوەی لێی دەژی گرێی دەدەن و بۆ خۆیشی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبێتە بەشێک لەو وڵاتە. هەندێک لەو وڵاتە مێرد دەکەن و هەندێکیش لەو وڵاتە ژن دەهێنن، واتە پێوەندێکی قووڵتر بەو وڵاتەوە گرێیان دەدات و تادێت، ئەگەر بە هزر و خۆشەویستییش نەبێت، ئەوا بە پراکتیک ڕەگ دادەکوتێت. مرۆڤی ئاوارەبوو هەرچەندی هەوڵی خۆجوێکردنەوە و خۆدوورخستنەوە لە فەرهەنگ و نەریتی وڵاتی تازەی بدات، هەرگیز پێیناکرێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان، گرێدراوی زۆرێک لە فەرهەنگەکەی دەبێت و پابەندی قانوون و ڕێساکانی دەبێت و بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت تەنانەت دەگاتە حاڵەتێک، کە ئیدی لە بەکاربردنی وشەی "لای خۆمان" و "لای ئێوە"دا شتەکان تێکەڵ دەکات. کە لە هەندەران بێت و باسی شتێک بکات، یا بەراورد لە نێوان

دوو شتدا بکات، کەونە وڵاتیی خۆی "کوردستان"ی، کە باسمان لە سەر کوردستانە، پێ "لای خۆمان"ە، بەڵام کە لە کوردستانیشە تازەوڵاتیی تاراوگەی پێ "لای خۆمان"ە. "لای خۆمان"، دەکاتە هەردوو وڵات"کوردستان و هەندەران" و هەردوویان چوونیەک و هاوتای یەکدین. ڕەنگە هەندێ جار ئەمیان لەوی دیکە، بڕێک زیاتر لە ناخی مرۆڤەوە نێزیکتر بێت و مرۆڤ خۆشەویستییەکی بڕێک زیاتری بۆی هەبێت، لێ هەڵکشان و سەنگی ئەو خۆشەویستییە و هەست بە نێزیکایەتیی ئەو وڵاتە و گرێدراویی پێیەوە، کات لە دوای کات دەگۆڕێ و هەردەم هێڵ و ئاستێکی چەسپاو و ڕاوەستاوی نییە، بەڵکە بزۆز و بەرگۆڕانە. ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات تاراوگەکە خۆشەویستتر بێت و مرۆڤ پتر پێوەی گرێدرابێت و هۆگری بووبێت و ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کاتیش مرۆڤ لە تاراوگەکە وەڕز بێت و حەز بکات خۆی لێ دابڕێت و لەگەڵیدا بیقرتێنێت. بە گشتی پتر هۆگربوونی مرۆڤ بەو جێگەیەی لێی دەژی و ئارامییەکی دەروونی و هەستێکی خۆشەویستی بەرانبەر بەو شوێنە و خۆشگوزەرانییەکی ژیانی لەوێ، دەکاتە پێوەندێکی توندوتۆڵتر و گرێدراوییەکی زیاتر و پتر پێناسەکردنی خۆی پێیەوە. هەر مرۆڤەو هەلومەرجێکی تایبەتی هەیە بۆ لێکدانەوە و دیتنی لەو ڕووەوە. زارۆکی باوک و دایک کوردی لەدایکبووی هەندەران، ڕەنگە وەک ڕەگوڕیشە و بنەچە و باوان، خۆ بە کورد بزانێت و لەبەر خاتری باوک و دایکی کوردستانیی و بۆ ڕاگرتنی دڵی ئەوان، باس لە کوردستانیبوونی خۆی بکات، لێ وەک فەرهەنگ و دید و جیهانبینی ئەگەر ڕێژەیەکی کەمیی کوردستانیبوونی تێدا وەدی بکرێت، دەبێ باوک و دایکان سوپاسگۆ بن و گەلێک دڵخۆش بن. دەگمەنن ئەوانەی سەدلەسەد ئەو هەستەی دایک و باوکانیان، بەرانبەر کوردستان و کوردبوون هەبێت. ئەو زارۆکانە تا ڕادەیەک هەر ئەوەیە بە کوردی دەپەیڤن و نێوی کوردییان هەیە، ئەویش ئەگەر وا بن، دەنا ڕەنگە کوردییش نەزانن و نێوی کوردییشیان نەبێت. ڕەنگە مرۆڤ چ گازندەیەکی بەرانبەر بەو دیاردەیە نەبێت، چونکە زارۆک لە کوێ دێتە دنیاوە و گەورە دەبێت، پتر خۆی بە خەڵکی ئەو شوێنە دەزانێت. دروستبوونی هەستێکی لەو جۆرە لەکن زارۆکی کورد و ناکوردی لەدایکبووی هەندەران، شتێکی سروشتییە و دەبێ هەروابێت. ئێمەی گەورەساڵانیش ئەگەر لە کوردستان نەهاتباینە دنیاوە، با دایک و باوکایشمان کورد بوایەن، هەرگیز هەستی کوردستانیبوونمان نەدەبوو یا بشمانبووایە هێندەی کەسێکی لەدایکبووی کوردستان، بەهێز نەدەبوو. ئەورۆ زۆر ئاساییە منداڵانی هیندی و پاکستانی و ئەمەریکای لاتینی و چینی و ئەفریقایی و...لە ئەمەریکا و بریتانیا و فرانسا و سوێد و ...خۆ بە ئەمەریکایی و ئینگلیز و فرانسایی و سوێدی و...بزانن. زۆر ئاساییە تووشی منداڵێکی عەرەب یا فارس یا سریان یا ئەرمەنی ببیت و کە پرسیاری ئەوەی لێ بکەیت خەڵکی کوێیە، پێت بڵێت سوێدییە، بەڵام باوکی لە بنەچەدا عەرەبە، فارسە، ئەرمەنە یا سریانە. ئەم دیاردەیە بۆ کوردی پاش یەک دوو نەوەیەکی ژیاوی هەندەران دەخوا و هەر وای لێ دێت. ئەو زارۆکانە ڕێک وەک تۆویکن و لە زەوییەکی دیکەی دەرێیی وڵاتی خۆیان چێنراون. زارۆکی کوردیش ئەورۆ گەیشتووەتە ئەو قوناخە و هی وای تێدایە ئەورۆ گاڵتەی بە هەموو شتێکی کوردستان دێت و هەست بە هیچ جۆرە پێوەندێکیش بەو وڵاتەوە ناکات، ئەگەر ناچار نەکرێت و بە تۆبزی

ئەو هەستەی لا قوت نەکرێتەوە، لێ ئەوەش کارێکی کاتییە و چ ئەنجامێکی باشی نابێت و ئەورۆ بێت یا سبەی، کە بوو بە کاری زۆر، کرماشانیان گوتەنی:"یە کار زوورە یا ئەلی"[1]، ئەو زارۆکە خۆی لە بازنەی ئەو هەست و پەیوەستبوونە دەرباز دەکات، مادام بە تۆبزی و زۆر بسەپێنرێت. هێزی خۆبەستنەوە یا هێزی هەست بە گرێدراوی بە وڵاتی زێد و پێش ئاوارەبوونەوە، کۆمەڵێک ڕاستی هەن، کە کاریگەرییان دەکەنە سەر. لەوانە: خۆشی و ناخۆشی وڵاتەکە و سەقامگیری باری سیاسیی و ئابووری وڵاتەکە و خۆشگوزەرانی خەڵک و جوانیی سروشت و بوونی زۆرینەی ئەو شتە ماددییانەی، کە لە وڵاتی ئاوارەییدا هەن و بوونی قانوون و جۆرە یەکسانییەک و سادەیی لەکن بەرپرسان و بوونی ئازادی تاک و ئازادی ڕادەربڕین و ڕێزگرتن لە مرۆڤ و گرنگیی وڵاتەکە لە ڕووی سیاسیی و ئابووری و دەوڵەمەندی و پێشکەوتن و گەشتیارییەوە و ئاسانیی هاتوچۆ و سەفەر بۆی و... دەیان شتێکی دیکەش. ئەگەر لاسەنگییەک لەو ڕاستییانەدا وەدی بکرێن، دیارە بە لای زارۆکێکی کورد یا هەر بیانییەکی دانیشتووی ئەورووپاوە ئەوانە هەموو ڕاستین و نەبوون و لێلادانیان ناتەواوی و ناپەسەندە، ئەوا دیدی زارۆکی ئاوارەی هەندەران، بەرانبەر وڵاتەکەی باوک و دایکی دەگۆڕێت و ڕێک پێچەوانەی ئەوان دەیبینێت. ڕەنگە زۆر جاران ڕقیشی لێی ببێتەوە و دایک و باوکی خۆی بە ڕێگر بزانێت لە بەردەم زووتوانەوەیدا لە نێو جڤاکە نوێیەکەی، کە تێیدا هاتووەتە دنیاوە یا بە گچکەیی بۆی هاتووە.

1973، پینۆشێ ڕێژیمی گەلێری سەلڤادۆر ئاللیندی لە چیلی، بە کوودێتایەکی لەشکریی ڕووخاند و ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی هێنایە سەر کار و بەوەش بوو بە هۆی کوشتن و لەنێوبردن و ڕاونانی سەدان هەزار خەڵکی ئەو وڵاتە و خەڵکێکی زۆریان هەڵاتن و لە ئەورووپا بوونە پەنابەر. 1989، کە ئیدی پینۆشێ لە دەسەڵات نەما و ڕێژیمی وڵات بوو بە دیموکراتی و بڕێک ئازادی هاتە ئاراوە، ئیدی لە دوای ئەو ساڵەوە خەڵکێکی زۆری ئەو وڵاتە کەڵکەڵەی بیری گەڕانەوەی چیلی "وڵاتی دایک"، کەوتە کەللەیانەوە. بەشێکی زۆر لەو چیلییایانەی ئەورووپا ئیدی لە ساڵانی 1990ەکاندا گەڕانەوە. بڕێک لەو خەڵکە لە چیلی مانەوە و زۆرینەیان لەوێ هەڵیان نەکرد و گەڕانەوە تاراوگەکەی خۆیان. هۆکاری جێگیرنەبوونی ئەو زۆرینەیە لە چیلی و گەڕانەوەیان بۆ هەندەران و هۆکاری جێگیربوونی ئەو کەمینەیەش لە چیلی و نەگەڕانەوەیان بۆ هەندەران گەلێکن و هەر یەکە لە دید و بۆچوونی خۆیەوە لێکی دەداتەوە. منداڵی چیلییایی لەدایکبووی هەندەران و لە هەندەران گەورەبوو و فێری زمان و فەرهەنگی دیکە، مانەوەیان لە چیلی و قایلبوون بە ژیانی باپیران و داپیرانیان، کە دایک و باوکی خۆیشیان تا ڕادەیەک پێی قایلبوون و دەیانەویست ئەو منداڵانەیشی پێ قایلکەن، زۆر پێ سەخت بوو و پێیان قەبووڵ نەدەکرا. ئەوانە بەشێکی زۆریان بۆ خۆیان بە تەنێ گەڕانەوە هەندەران و ئەوانەیشیان توانییان باوک و دایکیان بە گەڕانەوەی هەندەران قایل کەن، یا باوک و دایکیان بۆ خۆیان ئامادەییان هەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ هەندەران، چونکە ئەوان بۆ خۆیشیان لەگەڵ ژیانی نوێی وڵاتەکەیاندا ڕانەدەهاتن، هەموو گەڕانەوە. هەندێک لەو خێزانانە، نەک هەر منداڵ بوونە هۆی گەڕانەوەیان بۆ

[1] واتە: ئەمە کاری تۆبزی و زۆرە یا عەلی.

هەندەران، بەڵکە گەورەساڵان و باوک و دایکان بۆ خۆیان لەوێ هەڵیان نەدەکرد و نەیاندەتوانی بمێننەوە. گەورەساڵان، کە باس لە گەڕانەوەی وڵات و زێد دەکەنەوە، لە دیدی خۆیانەوە تەماشای وڵات و زێد دەکەن. ئەوان بەو چاوەی چەندین ساڵی بەر لەوەی خۆیان، کاتێک لەو وڵات و زێدەدا دەژیان، دەنۆڕنە وڵات و زێدەکەی خۆیان. ئەوان، کە لە هەندەرانن، هەموو ناخۆشی و نەهامەتی و نەبوونە و ڕاوەدوونان و زیندانی و جەنگ و...شتەکانی دیکەی وڵاتەکەی خۆیان، کە لێی هەڵاتوون و هۆکاری هەڵاتنیان بوون، لێ دەبێتە بیرەوەری و یادەوەری و خۆشی و...هەموو شتەکان وەک نۆستالژیا و تەزوویەکی خۆش و موچوڕکێک، بە بەرچاو و مێشکیاندا تێدەپەڕێت و وەک ڕووداوی فیلمێکی خۆش وەبیری دەهێننەوە. ئەو باسە، بۆ نەوەی دوای خۆیان و منداڵەکانیان، هیچ ناگەیەنێت و ئەوان هەر بیریشی لێ ناکەنەوە.

کە وڵاتێک ڕزگار دەبێت و ئیدی خەڵک و خاکەکەی وەک ئازاد دەژمێردرێن و جۆرە سیستمێکی دیموکراتی و مرۆڤدۆستیی تێدا دێتە ئاراوە، وا چاوەنۆڕ دەکرێت، خەڵکە هەڵاتووەکەی، کە پەراگەندەی وڵاتان بوون، بگەڕێنەوە و تێکەڵ بە ڕەوشی نوێی وڵاتەکەیان ببنەوە و بەشداریی لە ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنیدا بکەن، بەڵام ئایا وا دەبێت! ئێریتریا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی، کە کۆڵۆنی بوو و بە شۆڕش و خەباتی دانیشتووانی گەیشتە سەربەخۆیی. وا چاوەڕوان دەکرا هەر دوای جاڕدانی ڕزگاربوونی ئێریتریا، تاکە یەک ئێریترییی لە هەندەران نەمێنێتەوە و هەموو بگەڕێنەوە، لێ ئایا وایان کرد! ئایا تا ئێستا چەند ئێریتری لە هەندەرانەوە گەڕاونەتەوە ئێریتریا! گەلێک کەم.

تازەکی نێزیکەی ساڵێک دەبوو هاتبوومە سوێد، پاشنیوەڕۆیەکی لەگەڵ(سوعاد)ی خێزانمدا سواری ئۆتۆبووسێک بووین بەرەو ماڵەوە. لە ئۆتۆبووسەکەدا لە پشت پیاوێکی شەپقەلەسەر دانیشتین. کابرا دیار بوو بیانییە. دەسبەجێ پرسیاری ئەوەی لێ کردین، خەڵکی کوێین! پێمانگوت و ئەویش گوتی، کە خەڵکی ڕۆمانیایە و ماوەی بیستوئەوەندە ساڵێکە لە سوێدە. ئەودەمی حەپەسام و نەمدەتوانی بڕوا بە گوێی خۆم بکەم و پێموابوو هیچ بیانییەک ناتوانێت هێندە لە وڵاتی بیانی و تاراوگە بژی. هەزارانی ڕۆمانی، پۆڵۆنی، هەنگاری، بوڵگاری، چیکی، سلۆڤاکی، ڕووسی و...هەڵاتوانی وڵاتانی بەنێو سۆسیالیست، وڵاتانی خۆیان جێهێشتبوو و لەم ئەورووپایە گەورەبوون و پیربوون و مردن و نەگەڕانەوە وڵاتانی خۆیان، هەرچەندە وڵاتەکانیشیان گۆڕانیان بە سەردا هات و هاتنە ڕیزی ئەورووپای ڕۆژاوا‌وە و بوون بە سەرمایەداری و چوونە نێو یەکیەتیی ئەورووپا و ناتۆیشەوە. کەواتە گۆڕان لەو وڵاتەی لێیەوەی هاتووی هیچ مەرج نییە بۆ پاڵپێوەنانت یا هاندانت بۆ گەڕانەوەت بۆی!.

گەڕەکگەلێکی وەک چیناتاون، ئیندیاتاون، سۆهۆ(Soho)ی شاری لەندەن و تێنستا(Tensta) و ڕینکەبی(Rinkeby) و فیتیا و سوێدەرتێلیای شاری ستۆکهۆڵمی سوێد و ڕووسنگۆردی شاری مالمۆیی سوێد و گەڕەکە عەرەبنشین و جوولەکەنشین و ئێرانینشین و تورکنشین و ئەرمەنینشینەکانی شارەکانی پاریس و نیویۆرک و برۆکسل و بەرلین و...دەیان شاری دیکەی ئەورووپا و ئەمەریکا، نموونەی مانەوەی خەڵکی بیانی و جێگیربوونیانن.

لە 1991ەوە بەشێکی باشووری کوردستان ئازادە و دەسەڵاتی حوکوومەتی بەغدای بە سەرەوە نەبووە و نییە و خەڵکی کوردی هەڵاتوو و نێشتەجێی هەندەران، نەک هەر نەگەڕاونەوە کوردستان، بەڵکە سەدان هەزاری خەڵکی کوردستان لە دوای 1991ەوە کوردستانیان جێهێشتووە و ڕوویان کردووەتە هەندەران. ڕێژەی ئەوانەی دوای

1991 باشووری کوردستانیان جێهێشتووە، گەڵێک لەوانەی پێش 1991 ئەو کارەیان کردووە، زیاترە و پێموایە هەر بەراورد ناکرێت. ئەگەر بە پێی تیۆری هاتنەئاراوەی برێک ئازادی یا ڕوودانی برێک گۆڕان و بەرەوباشەچوون، ئەوا دەبوو کورد پاش 1991 و دامەزراندنی پەرلەمان و حوکوومەتی باشووری کوردستان و دەڤەری دژە فڕین لەوێ و پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و سەددام حوسەین، تاراوگەیان جێهێشتبا و ڕوویان بکردایەتەوە کوردستان و لەوێ بژیایەن، لێ وا نەبوو و خەڵک وای نەکرد!

نەورۆزی 1981، من بۆ خۆم تازەکی و دە ڕۆژێک بوو گەیشتبوومە سوێد، چوومە ئاهەنگێکی نەورۆز لە یەکێک لە هۆڵەکانی شاری ستۆکهۆڵم. هۆڵێکی بچووکی ئەو شارە ئەودەمە جێگەی هەموو کوردی شاری ستۆکهۆڵمی تێدا بووبووەوە و سەروزیادیان بوو. ئێستا نەک هۆڵێک دەیان هۆڵی مەزن جێگەی نیوەی کوردانی شاری ستۆکهۆڵمیان تێدا نابێتەوە.

دوکتۆرێکی سوێدی، کە چەند ساڵێک بوو هاتوچۆم دەکرد، ساڵی 2002 جاری دووەمم بوو چووبوومە لای پرسیاری لێکردم، کە خەڵکی کوێم و چەند ساڵە لە سوێد دەژیم. بۆم باس کرد و پاشان باسی خۆی کرد، کە تەمەنی 76 ساڵە و زۆر زۆر منداڵ بووە کاتێک باوک و دایکی لە سکۆتلاندەوە هاتوونەتە سوێد و هەموو ژیانی لە سوێد بەسەر بردووە و ئێستا ئیتر خۆی لە سوێدییەکان زیاتر بە سوێدی دەزانێت و خەڵکی سوێدە و سوێد بە وڵاتی خۆی دەزانێت. ئەو بە منی گوت:"تۆ تازە ناتوانیت لە وڵاتی خۆت بژیت، تۆ بوویتە خەڵکی ئێرە و لەوێ نامۆیت و چ پێوەندێکت بەوێوە نەماوە، هەوڵدە لێرە ژیانی خۆت بگونجێنە و بژی و بەرەبەرە کەونەوڵاتەکەی خۆت لەبیر ببەوە". من دروستی و نادروستی قسەکەی ئەو ناسەلمێنم، لێ تەنێ وەک بیروڕایەک باسی دەکەم.

ئیمام عەلی دەڵێ:"الغنى في الغربة وطن، والفقرفي الوطن غربة" واتە: دارایی لە غەریبیدا نیشتمانە و هەژارییش لە نیشتماندا غەریبییە. تۆ لە هەندەران بژیت و دارا بێت هەست بەوە ناکەیت ئاوارە و دەربەدەر و تاراوی و لە وڵاتی خۆیشت بژی و نەدار و هەژار بیت، تۆ بە هەموو شتێکی وڵاتەکە نامۆیت و هیچ شتێکی بۆ تۆ خۆش نییە. ئەو وڵات و زێدەی مرۆڤ بۆی دەگەڕێتەوە، ئەگەر وڵاتێک نەبێت بۆ هەمووان، پێی ناگوترێ وڵات. وڵاتێکیش بۆ هەمووان، وڵاتێکە جۆرێک لە یەکسانی و دادی جڤاکی تێدایە، وڵاتێکە تەواوی پێویستییە بنگەییەکانی هەموو مرۆڤەکانی بەگوێرەی ئابووری و گەشەکردن و پێشکەوتنی وڵاتەکە دابین کراون. وڵاتێکە نان، خانوو، ئاو، ئەلەکتریک، گەرمی، ساردی، سووتەمەنی، لەشساغی، دوکتۆر و دەرمان، بیمە، فێرگە و خوێندنگە، جادە، هاتوچۆ، کار، کۆمەکی پیر و پەککەوتە، ئازادی کەسیەتیی و تاک، ئازادی ڕادەربڕین و...هەموو دەستەبەر کراون. وڵاتێکە، بە گوێرەی ستانداردی خۆی، لە هەمووماڵێکیدا بەفرگر، فرێزەر، چێشتلێنەر، ژووری میوان، ژووری نووستن، جێی خۆشۆردن، ئاودەست، تەختەی نووستن، قەنەفە و کورسی، ئاوی سارد و گەرم و... هەیە و کەس بیر لە نەبوونیان ناکاتەوە. وڵاتێکە لە تەواوی ئەو شتانەدا هەمووان لە گەداوە تا شا وەک یەکن و هەموو هەیانە و کەس لێیان بێبەش نییە. ئیدی خەڵک هەیە چرای ژووری میوانەکەیان بایی سێهەزار دۆلارە و خەلکیش هەیە ئەو چرایە بیست دۆلاری پێ

داوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دارایی ئەو خەڵکانە خۆیان، بەڵام ئەوەی سێهەزار دۆلاری داوە بە چراخانێک و ئەویشی بیست دۆلاری داوە بە چرایەک، سەرچاوەی ئەلەکتریکەکەیان هەر یەکە و هەر سواری یەک شەمەندەفەر دەبن، کە دەچنە کار و منداڵەکانیان دەچنە یەک باخچەی منداڵان و خۆیشیان دەچنە کن یەک نەخۆشخانە. وڵاتێک بۆ هەمووان، ئەو وڵاتەیە، کە ژێرخانیی ئابووری و هەموو پێویستییەکی ژیان بۆ هەموو هاووڵاتێک وەک یەک هەن و کەس ناتوانێت لەوی دیکەی ببڕێت و داگیر بکات. لە کوردستان کەی وایە؟ کوردستان وڵاتێک نییە بۆ هەمووان. کوردستان وڵاتێکە، ئەوە هیچ کە خەڵکێکی لێ دەژی، هەزاران ساڵە نەوە لە دوای نەوە لەو چێ بوون و گەورەبوون و بەو خاک و ئاوەوە ڕاهاتوون و بە هەموو مەرجەکانی ژیانیشی قایلن، بەڵام ئەوانە تەنێ بژی و مەمر دەژین و ناچارن بژین و بە تەواوی هەلومەرجەکانیش قایل بن. ئەوەی ئەوڕۆ لە کوردستان، چ ئەوانەی بۆ خۆیان لەوێ دەژین و چ ئەوانەی لە هەندەرانەوە دەگەڕێنەوە، بیەوێت تێروتەسەل و خۆشگوزەران و دەستڕۆیشتوو و توانا و دارا بژی، دەبێ کەسێک بێت: قۆڵبڕ، خۆگەهێن، دز، ساختەکار، سیاسەتکار، حیزبی، دەوڵەمەند، دەسترۆ، خاوەن هۆز و خێڵ و خزم، مەراییکار و دەبێ لە نێو بازنەی دەسەڵاتدا بێت و سەر بە دەسەڵات بێت و لەگەڵ دەسەڵاتدا هاوبەش بێت و لەگەڵ دەسەڵاتدا و بە هاریکاریی دەسەڵات هەموو کارەکانی ئەنجام بدات. ئەوەی لێی نەزانێت، لە کوردستان جێی نابێتەوە و ئەوەیشی ماستاوساردکەرەوە و مەراییکار بێت، لە کوردستان بە باشترین شێوە دەتوانێت جێی خۆی بکاتەوە و بژی. خەڵکانێک هەن لە هەندەرانەوە گەڕاونەوە کوردستان، لەوێش بە پارەپووڵێکی کەم و بە کوێرەوەری و بەدبەختیی نەخۆشی و مووچەیەکی گچکەی خانەنشینی ئەوروپا، دەست و داوینپاک، سەربڵند دەژین، بێ ئەوەی بەرەو هیچ زەلکاوی دەسەڵاتێک خلیسکابن. نموونەی ئەوانە زۆر کەمن و ئەوانە خەڵکانێکی کەنارگیر و قایل و زۆر تایبەتن، لێ ئەوانەی بە گشتی لە تاراوگەوە گەڕاونەوە کوردستان بۆ ئەوەی لەوێ بژین، بێجگە لەوەی خەڵکێکی یەکجار کەمن، دوو جۆرە مرۆڤن:

<u>یەکەم</u>: ئەوانەن، کە سەر بە دەسەڵاتن و خەڵکی سەر بە حیزبن و دەچنەوە لە کوردستان کارگێڕی و دەسگا و جێکاریان بۆ ئامادە دەکەن و لە هیچی نەبوو بۆیان ساز دەکەن و تەواوی پێویستییەکانی ژیانیشیان، لە خانوو و ئۆتۆمبیل و مووچە و پارەوپووڵ و کەرەسەی پێویست و بواری ڕابواردن و پاسەوان و خۆشگوزەرانییان بە زیادەوە بۆ دابین دەکەن و لە هیچیان کەم نابێت و دەشیانکەنە خاوەن دەسەڵات. ئەمانە خەڵکانێکن هیچیان پێ شەرم نییە و ڕەنگە تا دوێنی نەیاری ئەو دەسەڵاتەی ئەوێ بووبێت، لێ ئێستاکە سەری بۆ دادەنوێنێت و ملکەچی هەموو پێوەرەکانی دەبێت و داکۆکی لە هەڵە و کردارە ناڕەواییەکانیشی دەکات. کە مرۆڤ لە کوردستان بووبە خاوەن دەسەڵات، ئیدی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەوڵەمند دەبێت و دەوڵەمەندیش لە کوردستان خەڵک پێیانوایە خوا پێی داوە. کە دەسەڵاتدار بێت و دەوڵەمەندیش بێت یا دەوڵەمەند بێت و ببێتە دەسەڵاتدار، خەڵک هەم پێیانوایە خوا پێی داوە و هەم وادەزانن ماف خۆیەتی و پێیشیانوایە چەندی پایەی باڵاتر بێت دەبێ سامانیشی زیاتر بێت.

دووەم: ئەوانەن، کە سەرمایەدارن و بە گیرفانی تژییەوە دەچنەوە و پرۆژەی کار و بازرگانی و وەگەڕخستنی پارەوپووڵیان پێیە و لەگەڵ دەسەڵاتدا ڕاوە قازانج دەکەن و هاوبەشن.

بەدەر لەو دوو دەستەیە، کە لێنەبڕاون و هەندەرانیان بەتەواوییش بەجێنەهێشتووە و گەلێک جاریش بە سوودوەرگرتن و بەهرەمەندبوون لە هەموو چاکە و تایبەتمەندییەکانی هەندەرانەوە دەڕۆنەوە کوردستان و لەوێش دەستبەرداری نابن، هیچ خەڵکێکی کوردی ئاسایی دانیشتووی هەندەران، نەگەڕاوەتەوە کوردستان. دەسەڵاتداریەتیی کوردستان بۆ کوردستانییانی ناحیزبی و بێلایەن و دەستوپێ سپی و هەولێری گوتەنی"دەمچەفت"ی هەندەراننشین، چ نەخشە و بەرنامەیەکیان نییە و زۆریش بە گەڕانەوەیان دڵخۆش نابن، چونکە بە برگەیەکی سەرئێشە و ئاوازێکی ناجۆر و گوشارێکی چاوەڕوان نەکراویان دادەنێن، کە ڕەنگە هەر هیچ نەبێت، ببنە هۆی ورووژاندنی پرسیار و بەراوردکاری.

گیربوونی خەڵک و مانەوەیان لە ئەوروپا و هەندەران و نەگەڕانەوەیان بۆ کوردستان، بە پلەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ: باری ئابووری ئەوروپا، ئارامی ئەوروپا، عەدالەت و یەکسانییەکی ڕێژەیی کە لە ئەوروپا هەیە، خزمەتی لەشساغی و پیر و پەککەوتە و هاندیکاپ و منداڵ و ژن و خێزان، کە لە ئەوروپا هەیە، ئازادی ژن و منداڵ و ڕادەربڕین، بێدەنگیی خەڵک و خۆتێهەڵنەقورتاندنیان لە هیچ کارێکی کەسێکی دیکەدا، ساکاری و سادەیی سیاسەتکاران و دەسەڵاتدارانیان و نەرمی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ هەموو تاکێکدا، خۆبەنزمگرتنی ڕۆشنبیران و سیاسەتکارانیان و یەکسانییان لەگەڵ هەموو تاکێکدا، ئازادی تاک، چ دەخۆی، چ لەبەر دەکەیت، چ دەکەیت، ڕێزگرتنی مرۆڤ، هەموو ئەمانە هۆن بۆ مانەوە لە ئەوروپا و ئەوروپایش لە وڵاتگەلێک پێکهاتووە، کە بۆ هەمووانن. ئەوەی ئێستا لە هەندەرانەوە گەڕاوەتەوە و دەگەڕێتەوە کوردستان، پتر لەو خەڵکانەن، دەوڵەمەند یا سیاسەتکار و حیزبی یا هەرسێک ئەوانەن وێکڕا، کوردستان بۆ ئەوانە خۆشە، چونکە ئەوەی بە بیریاندا دێت، دەتوانن لە سەر حیسابی خەڵکانی ناگرێدراو و ناوابەستەی دەسەڵات ئەنجامی بدەن و ئیمام عەلی گوتەنی "ما جاع فقير إلا بما متع به غني" واتە: بەوەی، دەوڵەمەند چێژی لێ دەبینێت، هەژار برسیی دەبێت. بە برسیبوون و نەداریی هەژارانی کوردستان، ئەوان، دەوڵەمەندانی کوردستان، خۆشگوزەرانی خۆیان دەستەبەر دەکەن.

ئەوانە هیچ نادادی و ناڕەوایی و مافخوراوی و چەوساندنەوەیەکی نێو جڤاکی کوردستان نابینن و لە چاوی خۆیانی تێروتەسەل و گیرفانپڕ و کارمەیسەربووەوە دەنۆڕنە هەموو شتەکان. ئەوەیشی لە دەرێی ئەو بازنەیەیە و دەچێتەوە کوردستان هەرگیز ئەو دیاردانەی، کە لە ئەوروپا پێی ڕاهاتووە و لەگەڵیدا ژیاوە لە کوردستان نایانبینێت و تەنێ دەوڵەمەنتربوونی دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران، لە سەر حیسابی ئازار و دەردەسەریی هەژاران و چەوساندنەوەی هەژاران و جیاوازیی چینایەتیی و نەهامەتی خەڵکە هەژارەکە و داڕزاوییان دەبینێت. کە وڵاتێک وەها بێت، نابێتە وڵاتی هەمووان، بەڵکە وڵاتی سەرتەڵ و دەستەبژارێکی هەلپەرست و کاسەلێس و خۆفرۆش و دز و قەڵەمفرۆشە، کە گا بە نێوی سیاسەت و نەتەوە و نیشتمانپەروەری و گا بە نێوی ئابووری و پرۆژە و گا بە نێوی کاری فەرهەنگییەوە، کڵاو لە سەر یەک نەتەوە و یەک وڵات دەنێن و دەیدزن و دەیرووتێننەوە. ئەوانە هێز و توانست و کۆمەک و هۆی مانەوە و بەردەوامییان بە دەسەڵاتەوە گرێ دراوە و دەسەڵاتە، هۆی ژیانیان بۆ دەستەبەر دەکات و دەسەڵاتە، بۆ مەرام و ئارەزووەکانی خۆی بەکاریان دەبات و دەسەڵاتە، نەخشەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەوانەوە

جێبەجێ دەکات و دەگەیەنێتە ئەنجام. ئەوانە و دەسەڵات تەواوکەری یەکدین و هەویری یەک درۆ هەڵدەشێلن. جۆرج ئۆروێڵ دەڵێ:"زمانی سیاسیی، لەگەڵ جیاوازیی هەموو حیزبە سیاسییەکان، کە لە پارێزگارانەوە تا ئەنارکیستان دەگرێتەوە، سوورە لە سەر ئەوەی درۆ وەک ڕاست ببینرێت و تاوان جێگەی ڕێزلێگرتن بێت". لە کوردستانی "ئازاد و دیموکرات"دا، سەرانی وڵات خاوەنی تەواوی سامان و دارایی وڵاتەکەن و تەواوی پارەوپووڵی وڵاتیان لەژێر دەستدایە و هیچ کەسێک نازانێت و ناتوانێت بزانێت چەندیان هەیە و مووچەیان چەندە! سەرانی کوردستان نەک هەر لە شارەکانی کوردستان، بەڵکە لە وڵاتانی دیکەیش خاوەنی دەیان خانوون. سەرانی کوردستان هەروا دەکەن و پارە دەبەشنەوە و بێشەرمانەش دەڵێن، کە لە پارەی تایبەتیی خۆیان وەها کارێک دەکەن. سەرانی کوردستان لە هەموو پرۆژەیەکی ئابووری و وەگەڕخستنێکی سەرمایەدا، کە لەو وڵاتە دەکرێت، بێ ئەوەی یەک پووڵیان لە ئارادا دانابێت، نەک هەر هاوبەشی قازانجن، بەڵکە بەشە زۆرەکەیشی بۆ خۆیان دەبەن. دەسەڵات لە کوردستان درۆ لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا دەکات و هەمیشە سیاسەتی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی کورد پێڕۆ دەکات و بە هیچ جۆرێک خواستەکانی گەلی کوردستان لەبەرچاو ناگرێت و پێچەوانەی ئەو خواستانە هەنگاو دەنێت. ئەگەر لە وڵاتانێکی دیکەی ئەم جیهانە خەڵک گومانی لە هەموو هەڵسوکەوت و کردار و گوتارێکی دەسەڵات هەبێت و هەمیشە دەسەڵات بە بەرپرس بزانێت لە هەموو شتێکدا و هەردەم پرسیاری لەمەڕ هەموو بابەتێکەوە هەبێت و ئاراستەی دەسەڵاتی بکات، ئەوا کارەساتی هەرەمەزنیی کوردستانەکەی لەمەڕ ئێمە ئەوەیە، ئیدی بە گوێرەی توانست، چ بە زۆر و ڕووبەڕووبوونەوەوە بێت یا بە هاتوهاوار و قێڕەقێڕ و دەنگهەڵبڕین و خۆپێشاندان و ڕێپێوان و نووسین بێت، هیچ یەکێک ناپرسێت و دەسەڵات وەگیر ناهێنێت و تەنگ بە دەسەڵات هەڵناچنێت و پرسیار ئاراستە ناکات. لەترسی نانبڕین و ماڵوێراننەبوون و بە گێرەشێوێن و ئاژاوەگێڕ لەقەڵەم نەدان، کەس لە کوردستان ناوێرێت لە پێستی خۆیدا بجووڵێتەوە. دەسەڵاتدارانی کوردستان درۆ بە نرخیی ڕاستی و تاوان وەک ڕێزلێگرتن بە خەڵکی کوردستان دەفرۆشنەوە و ئەوەی لە بازنەی خۆیاندا نییە، کە خەڵکی کوردە، دۆڕاوی ئەو بار و ڕەوش و ژیانەیە و ئەوەیشی بەرەندەی یەکەمە لە تەواوی ئەو کایانەدا، دەسەڵاتداران خۆیان و ئەوانەن، کە لە بازنەی ئەواندا دەخولێنەوە و لە سەر خوانی ئەوان دەخۆن و دەخۆنەوە.

ساڵی 1992، دوو سێ ڕۆژێک دوای گەڕانەوەم لەسەفەرێکی کوردستان، لە کۆڵانەکەی خۆماندا تووشم بوو بە تووش ئێلینۆر کالمهێدە"Ellinor Calmhede"[2]وە، کە ژنێکی سوێدی نیشتەجێی گەڕەکی خۆمان بوو. ئێلینۆر زۆر بە گەرمی و دۆستانە باوەشی پێدا کردم و دوای بەخێرهێنانەوەم و پرسیار لەمەڕ کوردستان و چۆنیەتیی سەفەرەکەم، پرسیاری ئەوەی لێکردم، هەست بە چی دەکەم، کە گەڕاومەتەوە بۆ سوێد. گوتم:"بەڕاستی هەست دەکەم گەڕاومەوتەوە بۆ وڵاتی خۆم و کۆڵێکم پێ خۆشە، کە وڵاتێکم هەیە نێوی سوێدە و خۆیشم بە قەرزداری سوێد دەزانم، چونکە ساڵانێکە جێی کردوومە و پاراستوومی و چ جیاوازییەکیش لە نێوان خەڵکەکەی و مندا نەبووە. لەوێ لە کوردستان، وڵاتی نایەکسانی و ناڕەوایی، هەستم بە نامۆیی دەکرد و هیچ هەستم بە ئارامیی نەدەکرد و

[2] ئێلینۆر کالمهێدە"Ellinor Calmhede "، هاوکاری (سوعاد)ی خێزانم بوو لەو زارۆکخانەیەی گەڕەکی خۆمان پێکەوە وەک مامۆستا کاریان دەکرد. ژنێکی تابڵێی ڕۆحسووک و ئێسکسووک و ڕووخۆش و مرۆڤدۆست و دڵپاک و زمانشیرین بوو. مانگی یوولی 2005دا دوای نەخۆشییەکی درێژخایەنی شێرپەنجە، کۆچییدوایی کرد و لە ئۆوگوستیی 2005دا لە گۆڕستانی گەڕەکی سۆللنتوینا(Sollentuna) تەرمەکەیان لە سەر وەسیەتیی خۆی سووتاند و خۆڵەمێشەکەیشیان پژاندە سەر گوڵ وگیای جێگەیەکی تایبەتی ئەو گۆڕستانەدا، کە بۆ خەڵکانی سووتێنراو دانراوە. یادی بەخێر و ڕەوانی شاد بێت.

بیری ئێرەم دەکرد و حەزم دەکرد بگەڕێمەوە ئێرە". گوتی: "پێمخۆشە، وا هەست دەکەیت و ئێرە بە وڵاتی خۆت دەزانیت و لێرە خۆت بە نامۆ نازانیت و وا بە ڕاستی و ڕاشکاوییش دەیڵێیت". ئیمام عەلی دەڵێ:"لیس بلدٌ بأحق من بلدٍ، خیر البلاد ما حملك"، واتە: هەموو وڵاتێک بۆ جێژیان دەستدەدات و باشە، لێ باشترینیان ئەو وڵاتەیە، هەڵیگرتبیت و تۆ بەسەریەوە بیت، واتە: هیچ وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە لەپێشتر نییە، باشتین وڵات ئەو وڵاتەیە تۆ تێیدا خۆشگوزەران و دڵنیا و ئارامیت و چ جیاوازییەک لە نێوان دانیشتووانیدا نییە و ناکرێت.

گرامشی[3]، پێیوایە واقیعی جڤاکی بۆ خۆی، لە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەردا دابەش دەبێت. بۆ خەڵکی سادە و چین و توێژەکانی پلیکانەی خوارێی جڤاک، هەمیشە فەرمانبەری و بەرفەرمانییەکەیان وەبەر دەکەوێت و ئەوان نین، کە دەبنە فەرمانڕەوا. ئەو وڵاتەی چیلیایی، ئێریتریایی، چیکی، یۆگوسلاڤیایی، ڕووسیایی، پۆڵۆنیایی، ڕۆمانیاییە سادە و پەراوێزێنراوەکان بۆی گەڕانەوە، وڵاتگەلێک نەبوون بۆ هەمووان، بەڵکە وڵاتگەلێک بوون بۆ هەندێک دەستە و کەس و خەڵک.

هەرچەندە ڕەنگە مرۆڤی کورد لە تاراوگەشدا ئەوەی دەیەوێت پێی نەگات و لەوێش وەک وڵاتەکەی خۆی هەر پەراوێزێنراو بێت، دەبێ ئەوەشمان لا ڕوون بێت و  باش بزانین، کە کوردستانیش وڵاتێک نییە بۆ هەمووان، بەڵکە وڵاتێکە بۆ هەندێک کەس و دەستە و خەڵک و کەی بوو بە وڵاتێک بۆ هەمووان، ئەودەمی هی ئەوەیە خەڵک بۆی بگەڕێتەوە. کوردستان ئێستا بۆ خەڵکانی حیزبی و دەسەڵاتدارانی دز و چەپاوکەر و ساختەکار و سەرمایەدارانی چاوچنۆک و خۆپەرستە و ئەوەی لەو جۆرە مرۆڤانە نەبێت ئاو لەبەر بێڵی ناڕوات. من پێموایە گەڕانەوەی خەڵکانی ئاسایی لە هەندەرانەوە بۆ کوردستان، گەڕانەوەیە بۆ تاراوگەیەکی دیکەی پڕستەم و نایەکسان و ناداد و چەوسێنەر و بەشخۆر و دەمکوتکەر و سەپێنەر. لۆرکا[4] دەڵێ:"نە من ئەو کەسەم کە هەبووم و نە ماڵەکەیشم ئەوەی جارانە". ئێمەی پەڕیوەی هەندەرانیش نەئەوەین، کە بووین و نە کوردستانەکەشمان وڵاتی هەمووانە.

2005/9/8

---

[3] ئەنتۆنیۆ گرامشی (1891–1937/Antonio Gramsci)، گەورەترین تیۆریزانی کۆمۆنیسی ئیتالیایی. لە زیندانەکانی مۆسۆلینی فاشیستدا کۆچیدوایی کرد.

[4] فێدێریکۆ گارسییا لۆرکا(1936/8/19-1898/6/19/García Lorca Federico)،شاعیری مەزنی ئیسپانیا، لە جەنگی نێوخۆی ئیسپانیادا لە لایەن فاشیست و ناسیۆنالیستانەوە شەهید کرا.